# شه وێ تر

ئه مشه و
لێزمه ی بارانێ تره و
ئاسمانێ ترو،هه وایه ترو
باڵنده یه کی یه خسیری ترساوی تر،
هه ڵنیشتوو له سه ر نه مامێکی لاره ملتر
پێهه ڵمه گره،گه ر ئه ده وێ سه ودایه تر
ئاوێنه یه شکاوی تر،خۆت نیشان نه دا بگه ڕێوه،
چوون و هاتن له م شه وه دا،به گوێزانێک له زایه ڵه
له پشته وه،فێری سه مایه ترو گۆرانیه ترو
دانیشتنی سه ر سفره ی ئه هریمه نێ ترت ده کات٠
ئاسمان و ئه ستێره کان،مانگ و تاڵه تریفه کان
میوانی سه ر شه پۆلێ تره و
دڵی منیش مه کۆی چه ندین زامی تره ،کێ ده زانێ
تره کان زۆرن،
وه ک تره کینی سه گی ناو که لاوه که مان
ئه و ده مه ی بێچوه کانی به ده ستی منالانی گه ڕه ک و
به ده م نه عله تی پیاوان و
به گسکی ژنانی ماندوو ڕاده دێران،

لێره سه گێ ترو،ژنانێ ترو،ماچی پیاوانێ تر،
تره کان  گه لێک زۆرن،
وه ک چاوی گه ڵاکان له کاتی بێداریدا
وه ک من له کاتی ده رکردن و شێتیدا،
ئه مشه و، به پله ی تره کانا  سه رده که وم
ده چمه سه ر چڵی شه وێ تر  له ته مه ن و
سه عاتێ تر له جولاّن و،ڕۆژێ تر له واهیمه،
من دوا په له وه ری کۆچێ ترم و
دوا چریکه ی ئازاری به جێهێشتوی  یادگارێ ترم و
هاتومه ژوانێ ترو،کیژی قه ده رێ تر له باوه شما ده نوێنم
منالێ تر گۆرانیه نوێترم بۆ ده بێژێ و
به میهره بانیه تر ئاشنا ده بم،
هه ڵپه ڕکێیه تر ئاره قم  پێده کاو
شه رمێ تر فێری له سه رخۆی و بێده نگیم ده کات،
ده رگایه تر کرایه وه
ده رگایه له نه عله ت،په نجه ره یه ک  له تف و
ته وێڵێ تر بۆ له مپه رو،دڵێ تر بۆ تیرێکی  نوێ ترو
ئه م  باڵه که نه فته م  بۆ سه رینی سه رێ تر
په نجه کانم بۆ داهێنانی  په رچه مێ تر٠
ئه ی منی به هیچ ئاشنا،ئه وه چییه؟

بۆ گۆڕێ تر پێده که نی،
جه سته ی په ژاراویت، بۆ مردو شۆرێ تر
بۆ تابوتێ تر، بۆ سفره یه تر ڕاده خه یت و
دوکێلی تر ده که یته، ڕه مزی سه رو قاچت٠
ئه مشه و!
له فارگۆنی شێتیدا تاک و ته نهام
شوێن خۆم که وتووم و ئاهه کانم ده خۆمه وه
په نجه،به په نجه و، جگه ره به جگه ره داده گرسێنم
له ئاگایدا گوێم له بێده نگی خۆمه و
به ئاهه نگێکی تر،شفره ی ئه م ژانه چاو به کله
له جه سته م دوور ده خه مه وه،
ده مرم٠٠نه٠٠مردووم٠٠نه
گیان له به رێ ترو، ده موچاوێ ترو
ده ستوو قه ڵه مێ ترم،
ئه ی نزیکترین ئاشناکانم،
زمانم ئه و زمانه ی جاران نییه
زمانی جارانتان شیرینی باران کا،
سه رده می په یڤه سه ر به تاجیه کان به سه رچوو
هاتووم بۆ دنیایه ترو ئاسمانێ ترو زه ویه تر
هه موو ویستگه کانی شێتیم بڕی و

هاتمه ئامێزی ته سک و تاری،کیژی خه مێکی تر،
هیچی تر نه ماوه،تامه زرۆی ئه رخه وانیێکم
ده ماری له وه رزه کانی،ئه م زه ویه دا نییه
ئه و چڵه سوره ی ژێر سنگم نه بێت،که په نهان  هه ڵم گرتوه
به یه که وه  ده نووین و  ده فڕین
له پی ده ستی یه کتر ده خوێنینه وه
ئه و ده ڵێ با بچینه وه
من ده ڵێم نازانم!٠

عبدوڵا  على
مانگی-٥-٢٠٠٤